# کوردستان

## دوای ئەو هەموو زانیارییە، لێبوردنی چی؟

## یان کلۆڵیی نەتەوەیەک

کاروان مەحموود

لەم دواییانەدا د. خەسرەو شاڵی، بە داوای د. شیروان موفتی سەرۆکی ڕێکخراوی «وێڵز بۆ یارمەتیدانی کورد»، کتێبە دانسقەکەی (جۆناتان سی. ڕاندڵ)ی ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری واشنتۆن پۆستی، لە زمانی ئینگلیزییەوە کردە کوردی و، «ئەنستیتووی کوردی پاریس»یش بە چاپی گەیاند. کتێبە ئینگلیزییەکە تا ئێستا دووجار چاپکراوە، چاپی یەکەمیان ساڵی ١٩٩٧ لە ئەمریکا و کەنەدا، دووەمیشیان ساڵی ١٩٩٨ لە بریتانیا. وەرگێڕانەکە لە چاپە نوێیەکەیەوە کراوە. چاپە ئینگلیزییەکە لە یانزە بەش پێکهاتووە، بەڵام چاپە کوردییەکە دوانزە بەشە، دوا بەشیان نووسەر، لە ٢٠٠٠/٦/١٧دا، بە تایبەتی بۆ کوردییەکەی نووسیوە و، وەرگێڕیشی بۆ ناولێنانی سەرپشک کردووە، ئەویش «سەدەی بیستوویەکەم و کێشە ئاڵۆزەکەی کوردی»ی بۆ داناوە، چونکە ئەو بەشە تایبەتە بە بەسەرهاتەکانی کوردستانی سەدە و هەزارەی نوێ، هەر لە هاتنی خاتەمی و دەرچوونی چاکسازان لە هەڵبژاردنەکەی ئێرانەوە بگرە بە گرتن و فڕاندنە بەدڕەوشتییەکەی «عەبدوڵلا ئۆجەلان»ی سەرۆکی پ.ک.ک. نووسەر تورکیا و هەموو ئەو دەستە ڕەشانەی بەشدارییان تیادا کردبوو تاوانبار کردووە، باری ئەو کاتەی عیراق و تا دەگاتە مەرگی «حافز ئەسەد»ی سەرۆکی سوریا و هاتنی «د. بەشار ئەسەد»ی کوڕی و لێکدانەوەیەکی وردیشی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە.

چاپە کوردییەکەی ساڵی ٢٠٠١ لە بەرگێکی قەشەنگدا و بە قەوارەیەکی مامناوەندی، لە ٥٦٠ لاپەڕەدا دەرچووە.

"ئاگاداری کەسوکارتت کردووە" ناونیشانی بەشی یەکەمە، خوێنەر هەر بە ناونیشانەکەدا دەزانێت، ڕاندڵ سەرەتا بۆ بیرۆکەی نووسینی پرۆژەکەی پرسی بە چەند شارەزایەکی باری کوردستان کردووە بە تایبەتی خۆرهەڵاتناسەکان و دیارە ئەوانیش ئەو ئامۆژگارییەیان کردووە. بەشی دووەم "دوای زانیارییەکی وا چۆن لێبووردنێک" تەرخانە بۆ ئەو جۆرە سزایانەی کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە بە ڕاگواستن و دەرکردن تووشی نەتەوەی کورد هاتووە و گەلێک نموونەی بۆ هێناوەتەوە. یەکێک لەوانە ڕاگوێزانی هەمەوەندەکانە بۆ لیبیا کە دوای حەوت ساڵ بە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. هەروەها سەبارەت بە شۆڕشە یەکلەدواییەکەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان و چۆنێتی سەرکوتکردنەکەیان و ئەو هەڵانەش کە سەکردەکانیان تێی کەوتوون. گەلێ شتی نوێی باس کردووە.. ناونیشانی "هەڵخەڵەتاو"یشی بۆ بەشی سێیەم داناوە، ئەم بەشەیان بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ڕەوەکە و هاتنی پەیامنێرانی ڕۆژنامە ئەوروپایی و ئەمریکاییەکانە و کەوتنە ناو داوی گەڕانەوەی سەدام حسێن بۆ ناوچەکە و تێهەڵکێشکردنی کیمیابارانی کوردستانی ساڵی ١٩٨٨ و هەڵوێستی تورکیا بەرانبەر پەنابەرە زامدارەکانی بەر هێرشی کیمیاوی، کە ڕاندڵ خۆی لەو ماوەیەدا لەسەر سنوور بووە، باسی گەلێک کارەسات دەکات کە خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری بووە. بەشی چوارەم "مردن و چوونە بەهەشت" کە تایبەتە بە ساڵانی دوای ١٩٧٤ و ڕۆیشتنی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بۆ ئەمریکا و چۆنێتیی ڕەفتاری حکوومەتی ئەمریکا لەگەڵیدا و کاتی مردنەکەی و گەلێک نهێنیی دی. بەشی پێنجەم "کیمیاگەریی کۆن - یان زێڕ بە ناڵی ئاسن بوون" کە ناونیشانێکی سەیرە و باس لە نەفیکردنی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بۆ سلێمانی دەکات و ناونیشانەکەی لەوەوە هێناوەتەوە کە ڕۆژێک لەو نەفیکردنەیدا مەلا مستەفا دەست بە سەری خێزانەکەیدا دەهێنێت لەبری زێڕ ناڵچە ئاسنینەکانی بەر دەست دەکەوێت. بەشی شەشەم "کیسنجەر: کاری خێرخوازانەی ناو عەشیرەتێکی چیایی" تەرخانە بۆ ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤ و بە تایبەتی ڕۆڵی کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا و، ڕێککەوتنی جەزائیری نێوان شای ئێران و سەدام حسێن و ئەو نهێنییانەی ڕۆڵیان لە بەسەرهاتەکەدا بینی و دەستبەردانی ئێران لە شۆڕش و سەرجەم کارەساتەکانی دواتری... بەشی حەوتەمیش تەرخانە بۆ یەکەمین پێوەندیی بزووتنەوەی کورد بە ئیسرائیلەوە و ڕووداوەکانی دواتری و بەستنی چلەی مەرگی مەلا مستەفا لە ئیسرائیل، کە ناونیشانی "سواڵکەرە کوێرەکە: چلەیەک بە بەشداری هەموو دنیا"یە.. بەشی هەشتەم تەرخانە بۆ کیمیاویبارانەکەی کوردستان و جێبەجێکەری سەرەکی لەو کارەساتە ناهەموارەی گەلانی دنیا کردیانە هەرا و دەوڵەتانی زلهێزی دنیاش لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا هەوڵی دەمکوتکردنی میدیاکانی دنیایان دا. ڕاندڵیش پاڵەوانی ئەو کارە نامرۆڤانەیە "عەلی کیمیاوی" کردۆتە ناونیشانی بەشەکە.. بەشی نۆیەم "بوومەلەرزە کۆمەڵایەتییەکەی تورکیا" کە ڕستەیەکی "یەشار کەمال"ی بۆ ڕێخۆشکردنی بابەتەکەی داناوە (ڕەنگە ئەنقەرە دەریاکەی پێ وشک بکرێت، بەڵام ماسییەکانی پێ ناگیرێت). هەر بەوەدا دیارە کە ئەم بەشە بۆ کوردستانی تورکیا تەرخانە و ڕۆڵی "پ.ک.ک" و پارتییە کوردییەکانی دی باس دەکات و چاوپێکەوتنەکانی خۆشی لەگەڵ تورگۆت ئۆزال و گەلێک لە کاربەدەستە تورکەکان، کە هەندێکیان بە ڕەچەڵەک کوردن و ڕاندڵ هەوڵی گرتنی ئەو دەمارەیان دەدات. هەروەها چاوپێکەوتنیشی لەگەڵ سەرۆکی پ.ک.ک.؛ عەبدوڵلا ئۆجەلان و چەند سەرکردە و خەڵکی ئاسایی تری ناوچەکەشدا کردووە و بە وردی و قووڵی بارەکەی ئەو کاتەی شی کردۆتەوە.. بەشی دەیەمیش تەرخانە بۆ شەڕی خۆکوژەی کورد، کە ڕاندڵ بە ناوی دانیشتووانی کوردستانەوە بەو جۆرە ناوی ئەو شەڕە ناهەموارە دەبات، ناونیشانی "بەرچایی سەگ"ی بۆ داناوە و زۆر بە وردی هەموو ئەو داوانە ئاشکرا دەکات کە بۆ نەتەوەی کوردی کلۆڵ تەنراون و دواییەکەشی بە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ شکاوەتەوە. لەم ڕووەشەوە بۆ خۆی لە کاتی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتیدا لەناو کوردستاندا بووە و هێندەی کوردێکیش خەفەتی لەو قوڕبەسەرییەی ئەو نەتەوە کلۆڵە خواردووە... بەشی یانزەیەمیش ناونیشانی "ئەو کارەی بە نیوەناچڵی مایەوە" کە مەبەستی دەرپەڕاندنی سەدام حسێن لە کوێت و هێشتنەوەیەتی. هەر لە سەردەمی بووشەوە تا ماوەی حوکمی کلنتون باس دەکات و هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەش دەخاتە ڕوو کە لەگەڵ بەرپرسەکانی سەردەمی هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەمریکادا "بووش، کلنتون"و ئەو سەرکردە سەربازیانەی ڕۆڵیان لەو جەنگەدا هەبوو، کردوێتی...

ئەمە جگە لەوەی کە نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەیدا پاشکۆیەکی ٤٤٧ پەراوێزی و دانانی هەموو ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی کتێبەکەیدا سوودی لێوەرگرتوون و پێرستی ناوەکانیشی داناوە..

"د. شیروان موفتی" سەرۆکی ڕێکخراوی "وێڵز بۆ یارمەتیدانی کورد" و "مورگان فرانسس"ی سکرتێری ڕێکخراوەکە، کورتە پێشەکییەکیان لە چەند دێڕێکدا نووسیوە تیایدا دەڵێن: "کەی ئەی دەبیلیو" بە هیوایە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بۆ کوردی، کە پێویستە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو لاوانەی لە بڕیاری سیاسی دوارۆژی گەلەکەیاندا بەشداری دەکەن، جێی ڕەزامەندیی گەلی کورد بێت. بڕواشمان وایە چارەسەری هەموو ئەو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕێی ئارەزووە پرشنگدارەکەی ڕێککەوتن، بکات."

وەرگێڕ دارشتنەوەی کوردییەکە و نووسینی پێشەکییەکەی بە "ساڵح محەمەد ئەمین" سپاردووە، کە لەو پێشەکییەیدا وتوویە: "نووسەرێک گەر بیەوێت شتێک سەبارەت بە ڕووداوێک، بەسەرهاتێک یان کارەساتێک بنووسێتەوە کە لە کەسانێکی ببیستێت، لە دووتوویی کتێبێکدا خوێندبێتییەوە یان سەر بە لایەنێکی ململانێکەبێت، زۆر لەو کەسە جیاوازترە کە خۆی تیایدا ژیابێت و مەرگەساتی ڕۆژگارەکەی بە چاوی خۆی دیبێت و تۆقاندبێتیان و مرۆڤێتییەکەیی لێدەرچێت هیچ شتێکی دی بە بەسەرهاتەکەیەوەی نەبەستێتەوە و لە ناخیشەوە کاریان تێبکرێت."

ڕاندڵ لەم بەرهەمەیدا کۆی لە هیچ کەس و دەسگا و دەوڵەتێک نەکردووە کە ڕۆڵیان لە شێواندنی کێشە ڕەواکەی کورددا هەبووبێ.. سەبارەت بە کتێبەکە «کریستۆڤەر هیجنس» دەڵێت: "لەم لاپەڕانەی پەیامنێرێکی کارامەی جەنگەوە، کە لە هەموو کەسێکی دی زیاتر شارەزایی لە کێشەی کورددا هەیە، ڕاستی سەبارەت بە کوردستان دەخوێنێتەوە."

"ڕاندڵ" کورد هۆشیار دەکاتەوە. نووسینەکانی هەردەم لە ئەنجامی هەست و نەستێکی ڕاست و دیاریکراوی ئەو کارانەوە دێن کە لە بارەیانەوە دەدوێت.. ئەم بەرهەمە پێشتر کراوەتەوە عەرەبی و بە ناوی (امە فی شقاق)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ڕاندڵ لە وشەیەکی کورتدا کە لە ٢٠٠٠/٦/١٧دا بۆ چاپە کوردییەکەی نووسیوە لە دوالاپەڕەی کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: "بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ عەرەبی زۆر خۆشحاڵبووم، چونکە لەمەودوا ئیتر عەرەبەکان ناتوانن چارەنووسە پڕ لە ناسۆرەکەی سەدەی بیستەمی کورد لە یاد بکەن. ئێستاش کە کتێبەکە بۆ کوردی وەردەگێڕدرێت خۆشحاڵم، تا کوردیش هەست بکات کە لە دونیایەکی فراوانتردا بایەخ بە مێژووەکەی دەدرێت."

دەستخۆشی لە برای وەرگێڕ، د. خەسرەو شاڵی دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و چاوەڕوانی بەرهەمی دی لێ دەکەین. هەروەها بە توندی دەستی برایانی ڕێکخراوی "(کاو) - وێڵز بۆ یامەتیدانی کورد" دەگوشین و پیرۆزبایی یەکەمین ئاوڕدانەوەیان لە لایەنی ڕۆشنبیریی کوردی لێ دەکەین، هیواداریت تیایدا بەردەوام بن، پیرۆزبایی گەرمیشمان لە "ئەنستیتووی کوردی پاریس" کە ئەرکی چاپەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

خوێنەری کوردیش ئاگادار دەکەین کە کتێبە کوردییەکە لە ڕێکخراوی "وێڵز بۆ یارمەتیدانی کورد" دەست دەکەوێت، بەم ناونیشانە:

**K.A.W**
Pontcanna House
130 Llandaff Road
Canton
Cardiff CF11 9PW
U.K

نرخی کتێبەکە: ١٥ پاوەندی بریتانیاییە و هەقی پۆستەکەشی ٢,٩٥ پاوەندە بۆ ناو بریتانیا.




---

# پاشماوەی قورئانی کوردی

## وەرگێڕانی مامۆستا هەژاری موکریانی


مامۆستا هەژاری موکریانی

بەرگرییان لە حافزێکی قورئانخوێن دەکرد قورئانی کوردی بە سەجع و کێشی برگەیی و لەحنی تایبەت بە کورد بخوێنێتەوە؟ بەداخەوە ئەودەم کە دەرەتانی پەرەپێدانی زمان هەبوو، ماتریاڵەکە نەبوو و ئێستاش کە بابەت هەیە، دەرەتانەکە نەماوە! تۆ بڵێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردییەکان بە شێوەیەک نەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە؟

هەرچی و هەرچۆنێک بێت، قورئانی هەژار شیعرە، واتایە، ڕازاوەیی و جوانییە، ئەستوندەکی نوێی زمانی کوردییە:

الرحمن علم القران

**خوای دلاوا، ئەم قورئانەی دەرس داوە، مرۆی ئافراند، لە ئاخافتنی تێ گەیاند.**

فبای الاء ربکما تکذبان؟

**دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟ ئاخۆ پاداشی کاری چاک غەیرەز چاکە دانەوەیە؟**

فبای الاء ربکما تکذبان؟

**دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟ ممبارەکە ناوی پاکی پەروەرندەت خاوەن شکۆ و شایانی ڕێز لێ گرتنە (سوورەی الرحمن).**

چاپی قورئانی هەژار دە ساڵی ڕەبەقی خایاند. لەو ماوەیەدا، مامۆستا محمد هادی مرادی و کاک ماجد مەردۆخ ڕۆحانی بە دەقەکەدا چوونەوە و بە شەونخوونیی زۆر کارەکەیان گەیاندە ئەنجام. کاک ماجد بە هیممەتێکی بێ وێنە تاقە نوسخەی دەستنووسی مامۆستا هەژاری لە گەرووی «انتشارات سروش» سەر بە ڕادیۆ تەلەفیزیۆنی ئێران دەرهێنا کە نە چاپی دەکرد و نە دەیدایەوە کەسوکاری مامۆستا. دەستی ئەوان و هەردوو بنکەی بڵاوکەرەوەی کتێبەکە، هەروەها کاک ئەحمەد سەعادەتی و مەحموود مفتی و عثمان طه و دوکتۆر عەزیزی فەیزنەژاد و فەریدی ڕۆحانی و هەموو ئەو کەسانەی وا خۆیان بە ئامادەکردنی کتێبەکە ماندوو کرد، خۆش بێت.

اقرا باسم ربک الذی خلق

**وانە بەناو پەروەرندەت، کە زیندەوەر کاری ئەوە.**

*قران کریم؛ ترجمە کردی استاد عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، انتشارات تازەنگاە و نشر احسان، تاران، ساڵی ٢٠٠١، ٦٠٤ لاپەڕە دەقی عەرەبی قورئان، ٦٠٤ لاپەڕە تەرجەمەی کوردی، لە تاران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست دەکەوێت.*

*١) سپاس بۆ د. عەزیز فەیزنەژاد کە ئەم زانیارییانەی دامێ.*

*٢) دوو ساڵێک پێش ئێستاش قورئانی تەرجەمەی مامۆستا «محمد صالح ابراهیمی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبۆتەوە بەڵام بە داخەوە من چاوم پێی نەکەوتووە.*

*٣) ئەم تەرجەمەیە بڕیارە لە لایەن دەسگای موکرییانەوە لە هەولێر یاخود چاپەمەنیی ئیحسان لە تاران بڵاو بکرێتەوە.*

